قاسم ئەعرەجی: عێراق سوورە لەسەر پاراستنی نوێنەرایەتییە دیپلۆماسییەکان



ئەمڕۆ یەکشەممە "قاسم ئەعرەجی"ـی ئاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی عێراق،لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ باڵیۆزی یەکێتیی ئەورووپا و باڵیۆزی وڵاتانی ئەندام لە یەکێتییەکە،جەختی لە گرنگیی بەردەوامبوونی کارکردنی نوێنەرایەتییە دیپلۆماسییەکان و
پاراستنی باڵیۆزخانەکان لە عێراق کردەوە.

بەگوێرەی راگەیەندراوەکی ئاوێژکاری ئاسایشی نشتیمانی ، کە دەستی ئاژانسی موتەبەع کەوتووە ، تیایدا هاتووە : لە کۆبوونەوەکەدا ، ئاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی وردەکاریی ئەو هێرشکارە ئەمنییانەی بە باڵیۆزەکان ووت کردەوە کە حکومەتی عێراق بە پاراستنی باڵیۆزخانە و ناوەندە دیپلۆماسییەکان گرتووەتەبەر. بەگوێرەی ناوبڕکی راگەیەندراوەکە : "ئەعرەجی" بە تووندی هەر جۆرە دەستدرێژییەکی بە سەر نوێنەرایەتییە بیانییەکان هێت کردەوە و ئاماژەی بە فەرمانی فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان کرد بە گرتنبەری هێکاری یاسایی بەرامبەر هەر لایەنێک کە هەوڵی بەئامانجگرتنی باڵیۆزخانەکان بدات.

سەبارەت بە دەخی ناوچەکە، "ئەعرەجی" دووپاتی کردەوە کە عێراق هیچ پەیوەندییەکی بە و شێ و ململانێیانەوە نییە کە لە هێڕشەکاتی ناوەڕاستدا هوودەدن و بەردەوام دەبێت لەسەر سیاسەتی بڵایەنی

خۆی بۆ ئامانجی پاراستنی سەقامگیری و گەشەپێدانی وڵات.

هەوڵستی یەکێتیی ئەورووپا

لۆلایەن خۆیانەوە، باڵیۆزانی وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا سوپاسی حکومەتی عێراقیان کرد بۆ ئەو هەوڵانەی لە پێناو دابینکردنی ئاسایشی باڵیۆزخانە و کونسوڵخانەکان ئەنجامی داون.

باڵیۆزەکان هاوکات ئیدانەی هێرشەکان بۆ سەر هێزەکانی کوردستان و ناوچەکانی دیکەی عێراقیان کرد و هیوایان خواست عێراق بۆ هیچ شۆڕشێک ئانکۆشرێت ناو ململانێ ئیستاکانی ناوچەکەو.

هەر لە کۆبوونەوەکەدا جەختکرایەوە لەسەر بەردەوامبوونی دیالۆگ و ئاوگەکردنی بڕچوونەکان لەپێناو بەهێزکردنی سەقامگیری لە عێراق و ناوچەکەدا.